ئەنجومەنی نوێنەران خوێندنەوەی بە دوو پرۆژە یاساکرد و دانیشتنی خۆی بە سبەی هەڵگرت

ئەنجومەنی نوێنەران، ئەمڕۆ دووشەممە، دانیشتنی خۆی بە سبەی ڕۆژی سێشەممە هەڵگرت.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند" ئەنجومەنی نوێنەران دوای خوێندنەوەی دوو پرۆژە یاسا دانیشتنی خۆی بە سبەی سێشەممە هەڵگرت.

وتیشی لەدانیشتنەکەی ئەمڕۆدا حەبیب هاشم عەبد عەلی سوێندی یاسایی خوارد و لەباتی عەدنان فیحان بووە پەرلەمانتار، ئاماژەشی بەوەکردکە سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران بەوەکالەت موحسین مەندلاوی فەرمانی دا بەفەرمانگەی ڕاگەیاندن کە ئەوانەی نەهاتوون و ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون ناوەکانیان بڕاوبکرێتەوەو فەرمانیشی بەفەرمانگەی دارایی دا کە هەریەکەو یەک ملیۆن دیناریان لە بەدرێت.

وتیشی ئەنجومەنی نوێنەران خوێندنەوەی یەکەمی بە پڕۆژەی یاسای هەمواری یەکەمی هاتووچۆی ژمارە 8 ی ساڵی 2019 و پڕۆژەیاسای هەمواری یەکەمی چاندنی ئەندامی جێستە بازرگانینەکردنی ژمارە 11 ی ساڵی 2016 کرد.

ئاماژەشی بەوەکرد کە ئەنجومەنی نوێنەران ڕاپۆرت و گفتووگۆکردنی پڕۆژەیاسای ڕاستاندنی بەخشینی ئاوگۆڕ لە گەشتکردنی بە هەڵگرانی پاسپۆرتی دیبلۆماسی لەنێوان عێراق و کۆریای باشوور تێواوکرد.